# مانگرتنی دوو ڕۆژەی پەنابەران لە سویسرا
# سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات



دوابەدوای چەندین کۆبونەوەی کۆمیتەی مافی مانەوە بۆ هەمووان کە فیدراسیۆن لایەنێکی بە هێزێتی و پاش تەگبیر و دابینکردنی پێداویستی هەمەلایەنەی لۆجیستی و ئینسانی ،ڕۆژی چوار شەمە 2007/12/19 لە شاری زوریخی سویسرا ،بە بەشداری زیاتر لە 150 کەس وگلاتس بلازەر سەرۆکی فراکسیۆنی حزبی سەوز لە پەرلەمانی زوریخ، کە جەمال کۆشش بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی لایەنە سیاسیەکان ڕۆژێ پێش مانگرتنەکە کۆبونەوەی لە گەڵدا سازکردبوو. مانگرتنەکە دەستیپێکرد و کەنیسەی (گرۆس موینستەر) کە گەورەترین کەنیسەی سویسرایە و بە سیمبولی کەنیسەکانی سویسرا دەناسرێت لە کاتژمێر 1و30 داگیر کرا. جێی ئاماژەیە کە پەنابەرانی کوردی عێراق بەشداری فراوان و چالاکانەیان لەم مانگرتنەیا کردو نزیکەی 60 کەسیان ئامادەبوون و لایەن و هێزێکی سەرەکی مانگرتنەکە بوون. وە هەر بەو بۆنەوەش تەواوی میدیاکان ڕویانلێیان کردبوو ، شایانی باسە هەر لە گەڵ دەسپێکردنی مانگرتنەکەدا چەندین تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی سویسری لەوانە تەلەفزیۆنی ئێس ئێف ی سەراسەری سویسرا کە کەناڵێکی دەوڵەتیە و تەلەفزیۆنی دی ئاڕ ئێس ی سەراسەری وتەلەفزیۆنی زوریخ و ڕادیۆی 24 و ئێنرژی کە دەیان هەزار کەس گوێی لێدەگری و ڕادیۆی لۆرا و دی ئاڕ ئێس و ڕۆژنامەی فۆرڤێرتەر و 20 مینوتە و بلیک کە سەدان هەزار نوسخەیان لێبڵاو دەکرێتەوە و ڕۆژنامەی زوریخ و چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی تری گرنگ هەر لە یەکەم ساتی مانگرتنەکەدا هەواڵەکانیان بڵاو دەکردەوە. هەواڵی ئەم مانگرتنە لە کەمترین کاتدا سەراپای سویسرای گرتەوە. چەندین تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە چاوپێکەوتن و گفتوگۆیان لە گەڵ هەر یەک لە (ئەحمەد عەلی سکرتێری فیدراسیۆن و جوتیار و ئەحمەد سەعید) هە ڵسوڕاوانی فیدراسیۆن سازکردو ئامانجی مانگرتنەکە وسیاسەتی دژی پەنابەری دەوڵەتی سویسرا وبڕیاری ئارامی و ئاسایش بوونی کوردستان کە لە لایەن حکومەتی سویسراوە دەرچووە و هەلومەرجی وێرانی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و ژیان و ئایندەی پەنابەرانی کوردستانی عێراقیان بۆ میدیاکان باسکرد، ڕۆژی دوەمی مانگرتنەکە ش دیسانەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکراو ( فواد عەزیز ) هەڵسوڕاوی فیدراسیۆن وەک نوێنەری فیدراسیۆن بەشداری تیادا کرد ، شایانی باسە چەندین دەزگای ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە بەشداریان تیادا کرد و لە وەڵامی پرسیارەکانیاندا فواد عەزیز هەلومەرجی پەنابەرانی کوردی عێراقی و ئامانجی مانگرتنەکەی خستەبەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەوەی کە مایەی خۆشحالی مانگرتوان بوو سەردانی پۆلپۆلی خەڵکی بوو لە مانگرتوان، تا درەنگێکی شەو مانگرتوان پێشوازیان لە میوانەکان دەکرد، دەوڵەتی سویسرا کە زۆر نیگەران بوو بەم بزوتنەوەناڕەزایەتیە و بە داگیر کردنی گەورەترین کەنیسەی وولاتەکەی بە ناڕاستەوخۆ کەنیسەی خستبوە ژێر گوشارەوە کە ڕێگەی مانەوە بە پەنابەران نەدا، بەڵام مانگرتوان ڕایانگەیاند تاوەکوو حکومەت ناچاری وەڵامدانەوە نەبێ بە داخوازیەکانمان ئێرە بە جێناهێڵین و

چۆڵی ناکەین، بۆ ڕۆژی دواتر 12/20 حکومەت ناچار کرا کە وەفدێکی چەن کەسی بە سەرۆکایەتی پارێزگاری کانتۆنی زوریخ لە گەل نوێنەری مانگرتوان (ئەحمەد عەلی و میخی شتێگمایەر)و بە هاوڕێیەتی سەرۆکی هەموو کەنیسەکانی شاری زوریخ

کۆبێتەوە، نوێنەران داخوازیەکانی خۆیان خستە بەردەست نوێنەرانی حکومەت کە لە چەن خاڵ پێکهاتبوو لەوانە ،ڕاگرتنی بڕیاری گەڕانەوی پەنابەرانێک کە وەڵامی نێگەتیڤیان هەیە بۆ کەمپی گشتی و هەڵوەشانەوەی بڕیاری بە ئاسایس ناسینی کوردستان و باشکردنی هەلومەرجی پەنابەرانیک کە ئیقامەی 1 ساڵی (ئێف) یان هەیە و پێدانی مافی پەنابەری پێیان و ... .وەفدەکەی حکومەتیش لە وڵامدا بەڵێنیاندا ئەو بڕیارانەی کە لە بێرنەوە دەردەچی ئەوان ڕەوانەی بێرنی دەکەن و کێشەی( ئێف ) ئیقامەی 1 ساڵیش ئەمان تا ئەو شوێنەی پێیانبکرێ هەوڵی گۆڕان و باشکردنی ژیانیان دەدەن و داوایان کرد کە لە مانگی یەکی 2008 جارێکی تر دابنیشینەوەو وەڵاممان پێبدەنەوە،وەداوایانکرد کە مانگرتنەکە کۆتاییپێبینین. لە کۆتایشدا نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە ڕایانگەیاند کە مانگرتنەکە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەگرن تا وەڵامان پێدەدەنەوە.، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئێمە شێوازی جۆراوجۆریتر دەگرینە بەر و خەباتمان دژ بە سیاسەتی دژی پەنابەری دەوڵەتی سویسرا درێژە پێدەدەین. هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ وەفدێک لە ڕێکخراوی چاک کە پێکهاتبوو لە بەڕێز هیوا ناسیح و سامان موحەمەد سەردانی مانگرتوانیان کرد و چەپکە گوڵی پیرۆزباییان پێشکەش بە ئەحمەد عەلی کرد وپیرۆزباییان لە تەواوی مانگرتوان کرد .دواتریش کاتژمێر 6 و30 پارێزەری ناوداری سویسری( شپێشا) کۆڕێکی بۆ مانگرتوان سازکرد، (شپێشا)لە کۆڕەکەیدا دوای پەیامی پیرۆزبایی خۆی وپشتیوانی دەربڕینی لە مانگرتوان و خواستەکانیان، باسێکی مێژویی سەبارەت بە سەرەتای دروست بوونی یاساکانی سویسرا کرد و سیاسەتی پەنابەری سویسرا دایە بەر ڕەخنە.دوابەدوای قسەکانی (شپێشا)مانگرتوان کۆمەڵی پرسیاری جۆراوجۆریان لێکرد و ئەویش وەڵامی دانەوە. مانگرتوان 24 کاتژمێر دوای کۆبونەوەکەیان لە گەڵ حکومە ت مانگرتنەکەیان درێژەپێدا و ئەمڕۆ دوا نیوەڕۆی 12/21/ مانگرتنەکەیان کۆتایی پێهێنا و بڕیاریان دا لە داهاتودا درێژە بە خەباتی خۆیان دژ بە هێرشەکانی دەوڵەتی سویسرا بدەن .

سەرکەوێ خەبات و تێکۆشانی بەرهەقی پەنابەران.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا
2007/12/21

بۆ هەر زانیاریەک پەیوەندی بکەن بە :

ئەحمەد عەلی **0788532004**